# رۆشنبیرانی کورد لە بەرامبەر ئیفلاسی هەڵویستدا

ئامانج رەزا

بیٌ هەلٌویٌستی رۆشنبیرانی کورد و خۆ بە پەرراویٌزگرتنیان لە بەرامبەر پیٌشهات و رووداوەکان لەمیٌژوی هاوچەرخی نەتەوەییدا وەك تەقلیدیٌك لە کلتوری رۆشنبیران بەرجەستە کراوە، رۆشنبیرانی کورد پیٌچەوانەی رۆشسنبیرانی کۆمەلٌگاکانی دیکە کە کاراکتەری سەرەکی گۆران نویٌبوونەوەن. ئەم جارەش لەبەرامبەر هەرەشەکاني تورکیا خەریکە دەکەونە ژیٌر پرسیارو تاقیکردنەوەو بیٌ هەلٌویٌستی، ئەم بیٌ دەنگبوونەش بۆ ئەم تویٌژە تۆماریٌکی تازەي شەرمەزاري نیە و بە لٌکو شتیٌکی چاوەروانکراوە لە تۆماری پر سازشی نووسەر ورۆشنبیراني کورد کە هەمیشە سەرقالٌی هەلٌگرتنی بەردی گەورەو قسەی زل بوونە، لە بەرامبەر بچوکترین هەرەشەدا نەیانتوانیوە ببنە پیٌشەنگو نمونە ی بەرزي نەتەوەیي. هەمیشە دوای رووداو و کار لەکار ترازان هاتوون پاکانەیان بۆ خۆ کردوە گوناهەکەیان خستۆتە ئەستۆی خەلٌکانی دیکە وەك بەرزەکی بانان بۆي دەرچون. تەنانەت زۆر جار بە پاشکۆیي و بیٌ هەلٌویٌستی نەوەستاون و لە پیٌناو دەسکەوتی کاتی بوون بە هەوییٌنی تیٌکدان و لەباربردنی هەولٌە نەتەوەیەکان.

هەمان هەلٌویٌستی هەلپەرستانەو سازشکردن خەریکە خۆي دووبارە دەکاتەوە و ئەوانەی رۆژانە لە سەر رووپەری رۆژنامەو سایتەکانی ئیٌنتەرنیت تەنزیر بۆ رەوتی رووداو و پیٌشهاتەکان دەکەن ئەمرۆ چونەتە وە قاوغی خۆیان وەك تەماشاکەر هەرەشەکان دەبینن رۆشنبیرانی کورد هەر لە وە ئازان کە موزایەداتی ئازادی و مەعریفە ت و دلٌسۆزی لە سەر ئەزمونی کورد بکەن، گوایا تژی کەم و کوریە بیٌ ئەەوی ئازایەتی ئەوەیان هەبیٌت بە ناوی ئاشکرای خۆیان بەیاننامەیەك لە سەسەر گروپیٌکی وەك بەرەی تورکمان دەرکەن کە ئامرازیٌکی دەستی تورکیایە لە سیناریۆی داگیرکردنی کوردستان.

رۆشنبیرانی کورد بەتایبەتی ئەۆانەی دەرەوە ئامادەن کەوکوژی بۆ کەمو کوریەکی ئیدارەی کوردي دانیشن بیکەن بە فەرهەنگی گەندەلٌی بە لٌام ئامادە نین دەستپیٌشخەری ریٌپیٌوانیٌك بکەن پرۆتستۆی ئەم داگیرکاریە بکەن.

ساتە وەختی ئەمرو بۆ کورد گەلیٌك چارەنوسسازە گەلەکۆمەکیٌکی جەوماوەری بەر فراوانی گەرەکە. کەوا دەخوازیٌت ئیٌنتیمایە نەتەوەیەکە بخریٌتە سەروی هەموو حەساسیەتیٌك، بە ردەوا می ئەزمونی کورد بە هەموو کەم و کوریەکەوە چەتریٌکی مۆرالی نەخەملیٌنراوە، بە لەبارچونی هەموو شتیٌك هەموو شتیٌك پەکی دەکەویٌت، بەو بابەتەش کە کەرستەی بازرگانی پیٌکردنی رۆشنبیرانیکوردە

amanjraza@maktoob.com

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003